به چاودێری وپاڵپشتی ڕێزدار سەرۆك مه سعوود بارزانی

# پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب

17 معرض أربيل الدولي للكتاب

جیهان بەکوردی دەدوێت


للإعلام والثقافة والفنون
Media Culture & Arts

19-9 ی نیسانی 2025
هەولێر - پارک سامی عەبدولڕەحمان

پاشکۆیەکی ڕۆژانەیە دەزگای ڕاگەیاندن وڕۆشنبیری وهونەری المدى دەری دەکات | ژمارە (4) ساڵی بیست ودووەمین- شەممە (12)نیسان 2025 | http://www.almadapaper.net Email: info@almadapaper.net


## سەعدی ئەحمەد پیرە :

# پێشانگەیەک بەم شێوەیە، تەنها لە هەولێر و لە کوردستان مومکینە



ڕۆژی هەینی ١١ـی نیسانی ٢٠٢٥، سەعدی ئەحمەد پیرە، گوتەبێژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب کە بەناونیشانی ( جیهان بە کوردی دەدوێت) لە چوارشەممە ٩ـی نیسانی ٢٠٢٥ وە لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە کرایەوەو، لە کاتی سەردانیکردنی پێشانگەکەو لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی ڕاگەیاند: بەنێو پێشانگەکەدا گەڕام، کتێبی زۆرم بینی، لەوانە ڕۆمان و کتێبە ئیسلامییەکان، کووتی: لە کتێبە ئیسلامییەکان مەلا کوردەکان دەستیان کردووەتەوە لەوەی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە سەیری پرسی کورد بکەن. هەوەها گووتی: دیارە بۆشاییەک لەو بوارەدا هەبووە، بۆیە پڕیان کردووەتەوە.. لەبارەی پێشانگەکەش دەڵێت: پێشانگایەک بەم شێوەیە، بەم هەموو بەشدارییە، لەوپەڕی چەپ، تاکوو ئەوپەڕی مەزهەبی، کارێکی زۆر باشە و تەنها ئەوە لە هەولێر مومکینە، لە کوردستان مومکینە، چونکە لە کوردستان خەڵک ئازادە چ کتێبێک دەکڕێت و چ کتێبێک دەخوێنێتەوە.



## چالاکی جۆراوجۆر و داشکاندنی نرخەکان
# هۆکاری سەرەکیی ڕاکێشانی سەردانکەران بوون



لە ڕۆژی دووەمی حەڤدەیەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر، پۆل پۆل و بە هەزاران کەس لە تەمەنە جیاوازەکان سەردانی پێشانگەکەیان کرد و بەدڵخۆشیەوە کتێبی دڵخوازی خۆیان دەکڕی و دەیان گوت ئەم داشکانەی لەسەر کتێبەکان هەن بۆ ئێمە زۆر گرنگر، ودەتوانین زیاتر لە چەند کتێبێک بکرین، و کتێبەکان هەمووی گرنگن کە داشکاندنی بۆ کراوە بۆیە ساڵ بە ساڵ بە تامەزرۆییەوە چاوەڕی ئەم پێشانگەیەین.

دڵشادی ئەکادیمی، یەکێک بوو لەوانەی لە پێشانگەکە بەشداربوو گوتی: هەموو ساڵێک دێم بۆ ئەم پێشانگەیە، بەڵام ئەمساڵ لەڕووی ڕێکخستەنوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لەڕووی شوێن و خستنەڕووی کتێبەکان شوێنەکان فراوانتر کراون، ناونیشانی زۆر گرنگ لە پێشانگەکەدا هەیە بەتایبەتی لە بواری فەلسەفە و زانستە سیاسییەکان، کە ئەو جۆرە کتێبانە کتێبی دڵخوازی منن، زۆربەی نرخەکانیش داشکاندنی تاوەکو نیوەی بۆکراوە.

شێرکۆ قادر کارمەندێکی حکومیە و لەرۆژی یەکەمی پێشانگەکەوە لەوێیە گوتی: ئەم شوێنە زۆر گرنگ و تایبەتە، دەتوانم بە دڵخۆشییەوە منداڵەکانم بهێنم بۆ ئێرە و کتێبی جۆراو جۆری فێرکاریان بۆ بکڕم، نرخەکانیش هاوڕێی گیرفانمانە کە توانیوومە زیاتر لە دە کتێب بۆ منداڵەکانم بکرم.

لەولاشەوە رۆژان عەبدولرەحمان خوێندکاری کۆلیژی ئەدەب دەڵێت»باشترین شت کە بینیم گرنگییەکی زۆر بە کتێبی کوردی دراوە بەتایبەت لە بواری چیرۆک و شعر، داشکاندنەکانی ئەم پێشانگەیە یارمەتیدەرە کە بتوانین زۆرترین کتێب بکڕین.



هیوا ڕێباز خاوەنی ئاگاداریی فەرهەنگی دەڵێت: لەزۆربەی وڵاتانی دنیاوە بەشداری لەم پێشانگەیە کراوە و نمایشی کتێبی جۆراو جۆر دڵخۆشی کردووم، ئەو کتێبە جیهانیانەی کە وەرگێڕانی بۆ کراوە و نرخەکەی داشکێنراوە سەرنجم زۆر رادەکێشیت، ساڵ بەساڵ زیاتر سەرسامی ئەم پێشانگەیەم.

### داشکاندنەکان هۆکاری سەرەکیی ڕاکێشانی سەردانکەران بوو

سۆران یەکێک لە سەردانیکەرانی پێشانگەکە بوو گوتی:
من تەنیا بۆ سەیرکردن نەهاتووم، بەڵکو بۆ ئەوەش کە گرنگی بەو بڵاوکراوانەش بدەم کە لێرەهەن،
لەم دۆخەی ئێستادا نرخەکان و داشکاندنەکان زۆر باشن، هۆکارێکی سەرەکییە کە زۆرترین کتێب بکڕین دڵنیام تاوەکو رۆژی کۆتای پێشانگەکە بە دەیان هەزار کەس سەردانی ئێرە دەکەن و سوودمەند دەبن.

### چالاکییەکانی نێو پێشانگەکە

لە ڕۆژی دووەم، چالاکییە جیاوازەکان وەک واژوو کردنی کتێب و سیمینارە کۆلتووریەکان ئەنجامدرا ، بە بەشداری هەزاران کەس ، بەتایبەت گەنجان.
لەکۆتاییدا، گەیشتنە ئەوەی زۆربەی سەردانیکەران قسەیان لەسەر ئەوە بوو کە پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر گرنگی بە ئەزموونی کۆلتووری تەواو پێشکەوتوو دەدات و ناوەڕۆکی گرنگ پێشکەش دەکات، ڕێکخستنی باش و نرخە گونجاوەکان، وەک گەورەترین ڕووداوی ساڵ لە چوارچێوەی کۆلتووری کوردی و عێراقی دەبینرێت.



## پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب
# کۆڕبەندێکی جیهانی بۆ دیالۆگی نێوان کلتووره جیاوازەکان



■ فەرهاد محەمەد

ماوەی ١٧ساڵە لە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندی «مەدا» پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب دەکرێتەوە و، هەموو ساڵێکیش ئەم پێشانگایە لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە دەکرێتەوە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کتێب وەک سەرچاوەی فیکر و کلتووری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستاندا پشتگیریی سیاسی لە پشتە، بۆ ئەوەی دیالۆگی ڕاستەقینە لەنێوان کلتووره جیاوازەکان بێتە ئاراوە.

لە پێشانگای ئەمساڵدا کە بە ناونیشانی «جیهان بە کوردی دەدوێت» ڕێکخراوە، ٣٥٠ کتێبخانە و ٦٠ ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە لە ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی و جیهانییەوە بە زیاتر لە یەک ملیۆن و دووسەد هەزار ناونیشانی جیاواز بەشدارییان تێدا کردووە، ژمارەیەکی زۆری نووسەر و ڕۆشنبیرانی عەرەب و جیهانیش بە تایبەتی بۆ بەشداریی لەم پێشانگا نێودەوڵەتییە سەردانی هەولێریان کردووە و، ئەو ژینگەیەشی کە ئەم ناونیشانە جیاوازانەی لە خۆی گرتووە، خۆڕسکانە پەیامێکی ئاشتیخوازانە ئاراستەی سەرجەم مرۆڤایەتی دەکات بەوەی جیاوازییە فیکری و سیاسییەکانمان، جیاوازییە نەتەوەیی و ئاینییەکانمان بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن سەرچاوەی هێز و ئیرادەیەک دروست دەکات کە مرۆڤایەتی دەتوانێت ئاشتیی هەمیشەیی بەدەست بهێنێت و، کۆتایی بە هەموو شەڕەکان بهێنێت، بە تایبەتی کە ئێستا بەداخەوە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەشەڕێکی گەورەی سەرتاسەریدایە.

پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب، تەنیا خستنەڕووی ناونیشانی جیاوازی کتێبەکان نییە، بەڵکو لە پەراویزی ئەم پێشنگایەدا بە هاوشێوەی کۆڕبەندە جیهانییەکان چەندین پەنێڵی جیاواز لەسەر پرسە فیکری و سیاسی و ئایینی و نەتەوەییەکان بەڕێوە دەچێت و، ڕایەڵەیەک دروست دەکات کە جیاوازییەکان یەکتری تەواو بکەن، نەک بە پێچەوانەوە یەکتری بسڕنەوە، لەمەش زیاتر بەشداربوونی دیاری هۆیەکانی میدیا «بینراو و بیستراو و نووسراو» بۆتە هۆکاری ئەوەی بەشێوەیەکی بەفراوان خۆڕسکانە پلاتفۆرێکی ئازاد بۆ کۆکردنەوەی میدیا و سیاسەتمەداران، میدیا و نوێنەرانی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان دروست بێت و، گفتوگۆ لەسەر ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان و عێراق و تەواوی ئەو گۆڕانکارییە گەورانە بکەن، کە ئێستا ناوچەکە و جیهان بەخۆیەوە دەبینێت، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرسامییەکی ئەوتۆ دروست دەکات، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا کە بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی جیهان بەدوای کڕینی چەکی باش دەگەڕێن بۆ بەردەوامیدان بەشەڕ و کاولکاری، بەڵام لەناو ئەم جوگرافییە بچووکەی پێی دەگوترێت هەرێمی کوردستان، ئیرادەیەکی ساسیی ئاشتیخوازانە هەیە کە ئامانجی ئەوەیە کۆی سەرچاوە فیکری و ئەدەبیەکان، کۆی کلتووری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، لەسەر ڕووبەری تەنیا ٢٠ هەزار مەتر دووجا پێکەوە کۆبکاتەوە، بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ڕۆژ پێکەوە دیالۆگ بکەن و لێکتێگەیشتن و هاریکاری لە نێوانیاندا دروست بکات.

کاتێک لەناو ژینگەی ئەم پێشانگایە زیاتر لە ملیۆنێک و دووسەد هەزار ناونیشانی جیاوازی کتێب دەبینین، کە نوێنەرایەتیی کۆی شارستانیەت و کلتووری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی ئەم هەسارەیە دەکات، ئەوا هەر ئەم دیمەنە پەیامێک ئاراستەی جیهان دەکات کە چیدیکە تیۆری «پێکدادانی شارستانییەکان» ی بیرمەندانی ڕۆژئاوا بێجگە لە وەهم و ترساندنی مرۆڤایەتی هیچ بنەمایەکی نییە و، ئەوەتا لەم پێشانگا نێودەوڵەتییەدا کۆی شارستانییەکانی ئەم هەسارەیە پێکەوە دیالۆگ دەکەن و یەکتری تەواو دەکەن، کە ئەمەش ئامانجە گەورەکەی مرۆڤایەتییە کە هەر لەسەردەمی ئەمانوئێل کانتەوە کاری بۆ دەکرێت و نەهاتۆتە دی، کە ئەویش بە دەستهێنانی ئاشتیی هەمیشەییە و گۆڕینی تێڕوانینی نەتەوە جیاوازەکان لە بری بیرکردنەوە لەشەڕ و ئاشوب و پێکەوە هاریکاربن و تێگەیشتن و هاریکاری لەنێوان خۆیان دروست بکەن، بۆ ئاشتیی هەمیشەیی لەنێوان سەرجەم مرۆڤایەتی بێتە ئاراوە، کە ئەمەش ئامانجی پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتی و ناونیشانە گەورەکەیەتی « جیهان بە کوردی دەدوێت».

# وێنەگرتن لەگەڵ کتێب



■ غازی حەسەن

پێشەنگای نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر هێما و نیشانەیە بۆ گرنگی دان بە کتێب و پەرەپێدانی دۆخی ڕۆشنبیری، بەشداری دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە نیشانەیەکی دیکەی سیاسی و ڕۆشنبیریی و ئارامی و گەشەکردنی بواری مەعریفەیە.

لەم ساڵانەی دوایدا پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان خوێنەر و کتێب، لەنێوان هاووڵاتی و کتێبخانە دروستبووە. ڕاستە پەیوەندی نێوان خوێنەر و کتێب جێگەی ڕەزامەندی نییە، خوێنەری جددی گوایە زۆر کەم بۆتەوە و ئەوانەی کتێب چاپ و بڵاودەکەنەوە حیساب بۆ زۆر ڕێسا ناکەن و زمان بەستەزمانە و مرۆڤ خەمی بۆ دەخوات. سەردان و بەدوا گەڕانی کتێب و سەرچاوە بە زمانی جیاواز مایەی دەستخۆشی و سوپاس و هاندانە. خوێنەری جددی کەم بۆتەوە، بەڵام ژمارەی وێنەگران لەگەڵ کتێب و لە نێو پێشەنگای کتێب زیادی کردووە.

دیاردەیەکی جێگەی سەرنجە، کەسانێکی زۆر دەیانەوێت وێنە لەگەڵ کتێب بگرن، ئەوانەی بنهەنگڵێک کتێب، یان دوو توورەگەی مشت کتێبی کڕیوە، ئەوانەی بەدوای ڕۆشنبیرە دیارەکانی کوردستاندا دەگەڕێن و وێنەیان لەگەڵ دەگرن، ئەوانەی ڕاوی سیاسییەکان دەکەن و لەسێبەری کتێب و باکگراوندی کتێباوی وێنەیان لەگەڵ دەچرکێنن، ئەمانەش هەمووی بۆ بوون و هۆکار و گرنگی کتێب دەگەڕێتەوە. ئەوانەی وێنە دەگرن دەیانەوێت گوتارێکی ڕاشکاوانە، یان ناڕاستەوخۆمان پێ بڵێن کە کتێب گرنگە و لەهەمان کاتدا گوتاری وێنەش لەو گرنگترە. گەرەکیانە ئەوەمان نیشان بدەن خوێندواری و ڕۆشنبریی پلەیەکی بەرزترە لە ئاستی ئاسایی تاکی دوور لە کتێب، واتە ئەمە پێگەی بەرز و بەهێزی کتێبە خەڵک دەگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە وێنەگرتن لەگەڵ کتێب کارێکی باش و شیاوی سەرنجڕاکێشە. من بڕوام وایە وێنە و کتێب لەم دۆخەدا هێز و کاریگەریان زۆر لە خودی (من/ کەسەکە/ ئێمە) پترە.

وێنەگرتن لەگەڵ کتێب دیاردەیەکی باوی پێشەنگای کتێبە، کۆبوونەوەی خەڵک لەم شوێنە و گفتوگۆی ڕۆشنبیریی و بەرنامەی تەلەڤیزیۆنەکان و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی، هەر هەموویان وێنەی ئەرێنی کتێب نیشان دەدەن، بە مانایەکی دیکە وێناکردنی کتێب لە عەقڵ و هەست و بیرکردنەوەی تاکدا گەشەی کردووە، لەهەمان گاڤدا وێنەیەکی ئەرێنی و باش و شیاو دەگوازێتەوە. ئەم وێنەگرتنە ئەوەمان پێ دەڵێت، گوتاری تاک، ئەوانەی وێنە دەگرن، دەیانەوێت بە شێوەیەکی گشتی بەوانی دیکە بڵێن (من خوێندوارم، حەزم لە کتێبە، کتێب شتێکی باشە، ئاستی خۆی لە پێکهاتە و بوونێکی ئاسایی، بگوازێتەوە بۆ ئاستێکی باڵاتر لەوەی کە هەیەتی).

وێنەگرتن لەگەڵ کتێب، وێنەگرتن لەنێو پێشەنگای کتێب، بانگەشەیە بۆ گوتاری پێناسەکردنەوەی خودی تاک، خودی کەسی وێنەگر، پێناسەیەکی مەعریفییە، بێ ئەوەی هیچ کەسێک بیەوێت ئەم ناسنامەیە بە شێوە مەعریفییەکەی لە چوارچێوەی گوتاری (خود، گەشەکردن، نمایشی پێگەی نووسین و بەرز نرخاندنی بەها و هێزی کتێب) شیکار بکات. بۆیە دەبێژم وێنەگرتن لەنێو پێشەنگای کتێب هەرچەندە هەندێک دەیانەوێت وەکو (نەدیتکە) ڕەفتار بکەن، بەڵام تام و چێژی تایبەتی هەیە و دیاردەیەکی گونجاوە، باشترە لەوەی وێنە لە جەنگ و وێرانکردن و پاشکۆبوون و کۆیلایەتی بگیرێت. لەم جۆرە وێنەگرتنەدا کەسەکە دەیەوێت بانگەشە بۆ گوتاری (منیش دەمەوێت بخوێنمەوە، کار دەکەم بگەمە ئاستی کتێب، کتێب گرنگە و خۆڕۆشنبیرکردنی جێگەی شانازییە) بکات.

وێنە گرنگە، پەیام و گوتاری تایەبتی هەیە، کتێب ئامراز و هۆکارە بۆ نمیاشێکی جیاواز لە نێو عەقڵ و دەروون و بیرکردنەوەی تاکی کوردی، هەروەها گوتارێکی پڕ جووڵە و نمایش و خۆدەرخستنە، کە هەندێک پێیان وایە ئەم وێنەیە دەبێتە هۆکارێک بۆ شکاندنی تاریکی و دواکەوتن.

### پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب:

# پانێڵێك سەبارەت بە وەرزش و باشترکردنی تەندروستی

لەچوارچێوەی چالاکییەکانی رۆژانەی ١٧هەمین پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب، رۆژی پێنج شەممە ٢٠٢٥/٤/١٠ لە سەکۆی تایبەت بە چالاکییە هەمەجۆرەکان لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب، پانێڵێکی زانستی بەناونیشانی «وەرزش بۆ پەرەپێدان و باشترکردنی تەندروستی وکۆمەڵگا» لەلایەن زانکۆی سەلاحەدین – هەولێرەوە رێکخرا.

لەم پانێڵەدا ژمارەیەک پسپۆر و ئەکادیمی لە بوارەکانی پەروەردەی وەرزشی و تەندروستی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەشدارییان تێداکرد و ژمارەیەکی بەرچاو لەو بەڕێزانەی کە گرنگی بە لایەنی تەندروستی و وەرزشی دەدەن ئامادەی پانێڵەکە بوون.

لەم پانێڵەدا، تیشک خرایە سەر رەهەندە جیاوازەکانی وەرزش، نەک تەنها وەکو ئامرازێکی کاریگەر بۆ توانای جەستەیی، بەڵکو وەکو ئامرازێکی کاریگەر بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی دەروونی و کۆمەڵایەتی و بنیاتنانی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تەندروست و هاریکار.




#### وەرزش و تەندروستی گشتی

لەسەرەتای پانێڵەکە، کەسایەتی ئەکادیمی مەغدید ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا کە وەرزش بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ستراتیژییەکانی تەندروستی گشتی، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە چالاکی جەستەیی رێکو بەرەوام کاریگەری بەرچاوی هەیە لە خۆپاراستن لە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک شەکرە و بەرزی پاڵەپەستانی خوێن و نەخۆشییەکانی دڵ.

هەروەها گووتی: هاندانی پراکتیزەکردنی وەرزش پێویستە لە قوتابخانە و زانکۆکان دەست پێبکات و بەشێک بێت لە سیاسەتی پەروەردەیی و رۆشنبیری و، تەنها لە چالاکییە وەرزشییەکاندا سنوردار نەبێت.

وەرزش وەک ئامرازێک بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگا

هەروەها کەسایەتی ئەکادیمی د. سامان حەمەد سلێمان لە بابەتێکدا تیشکی خستە سەر رەهەندی کۆمەڵایەتی وەرزش و روونیکردەوە کە ئەو چالاکییە وەرزشییانەی بە کۆمەڵ (یارییە بەکۆمەڵەکان) وەکو (تۆپی پی، تۆپی دەست، باسکە و باڵە) دەکرێن، دەبنە هۆی بەهێزکردنی چەمکەکانی هاوکاری و دیسیپلین و رێزگرتنی یەکتر، ئەمانە بەهای سەرەکین بۆ هەر کۆمەڵگایەک کە بەدوای گەشەکردن و سەقامگیریدا دەگەڕێت.

هەروەها کۆمەڵێک ئامۆژگاری پێشکەش بە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا کرد بۆ دوورکەوتنەوە لە قەڵەوی و گرنگی دان بە تەندروستی گشتی.

لە درێژەی قسەکانی، ئاماژەی بە گرنگی وەبەرهێنان لە ژێرخانی وەرزشی لە ناو گەڕەک و شارەکان دا، باسی لە گرنگی پشتگیری کردنی تیپەکانی لاوانی ناوخۆ کرد بۆ ئەوەی ببنە سەکۆی بنیاتنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی باش لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.

#### رۆڵی دامەزراوە زانستییەکان

هەر لەم پانێڵەدا، ئەکادیمی نەواز حەمە نوری جەختی لەوە کردەوە کە دامەزراوە پەروەردەییەکان، بەتایبەت زانکۆکان رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە چاندنی کلتوری وەرزش وەک بەشێک لە شێوازی ژیان، لە رێگەی رێکخستنی پاڵەوانێتی و چالاکییەکانی هۆشیارکردنەوە، هەروەها دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی رێک وپێک و سەلامەتی وەرزش بکەن.

هەروەها داوای بەشداریکردنی قوتابیان بەشەکانی پەروەردەی وەرزشی لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری لە ناو کۆمەڵگادا کرد بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی کلتوری وەرزش وەک میتۆدێک بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی و بەدەستهێنانی هاوسەنگی دەروونی.

لە کۆتایی پانێڵەکەدا، بەشداربووان داوای پەسەندکردنی سیاسەتی وەرزشی یەکخراو و هەمەلایەنیان کرد لە سەرانسەری کوردستان، لەسەر بنەمای دیدێکی زانستی و بە لەبەرچاوگرتنی رەهەندە کۆمەڵایەتی و دەروونی و تەندروستییەکان.

هەروەها جەختیان لەوە کردەوە کە وەرزش لە پێشبڕکێ و کێبڕکێکاندا بەقاڵب نەگیرێ، بەڵکو وەکو بەشێک لە سیستەمی بنیاتنانی مرۆڤ و کۆمەڵگا.

# گەشتیارانی عەرەبی و بیانی سەردانی پێشانگەکە دەکەن

گەشتیارانی عەرەبی و بیانی و هاووڵاتی نێوخۆی عێراق لە رۆژی دووەمی پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر، سەردانی پێشانگەکە دەکەن و بە سەرسامییەوە دەڕواننە ئاستی پێشکەوتنی پێشانگەکە و بەرزی ئاستی کتێبە نێوخۆی و جیهانییەکن کە لە رووبەرێکی فراواندا نمایشکراون.

ئەم پێشانگەیە تاوەکو١٩-٤-٢٠٢٥ بەردەوام دەبێت، کە تێیدا زیاتر لە ٣٠٠ بڵاوکراوە لە ٢٢ وڵاتی دونیاوە بەشداریان تێدا کردووە، نزیکەی ١،٥ ملیۆن ناونیشانی جۆراوجۆر نمایشکراوە لەبواری ئەدەب، زانست، فکرو فەلسەفە و... هتد، کە جوانترین ناوەڕۆک بۆ خوێنەران فەراهەم دەکات.

سەردانیکەران و گەشتیاران رازین لە رێکخستن و چاکسازی پێشانگەکە و جۆراوجۆری کۆلتووری پیشاندراوی ئێرە، بە تایبەتی ئەو تێگەیشتنە بەرزەی کە بە شێوەیەکی هاوبەش لە نێوان کۆلتووری عەرەبی و کوردیدا هەیە . هەروەها بەشێوەیەکی بەرچاو ژنان بەشداری پێشانگەکەیان کردووە و سەرسامن بە کتێبە کوردییەکان و فەلسەفییەکان و ئایینییەکان.

جیهان بە کوردی دەدوێت، ئەم درووشمە دەبێتە جیهانی و سەردانیکەرانی بیانی دەڵێن : لە وڵاتی خۆمان بە شانازییەوە رووداوەکانی ئەم پێشانگەیە دەگێڕینەوە و بە دۆست خزم و برادەرانمان دەڵێین کوردستان خوێنەری باشی هەیە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ئەوانی دانەبڕیوە لە کتێب..





### کام جۆری کتێب زۆرترین خوێنەری هەیە؟

# خەڵک چیان دەخوێندەوە، نووسەری دڵخوازیان کێیە؟



> لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بواری خوێندنەوە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و هاونیشتمانییەکی زۆر لە تەمەنە جیاوازەکان گرنگی بە خوێندنەوە دەدەن، بەتایبەتی جۆری کتێبی ئەدەبی. لەنێو ئەدەبیاتیشدا رۆمان بەشێوەیەکی بەرچاو خواستی لەسەربووە، بەجۆرێک کتێبە ئەدەبییەکانی وەک شعر و شانۆ و گوتاری تێپەڕاندووە.

ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ توانای نووسەرەکە، کە دەتوانێت لەرێگەی رۆمانەکەیەوە جیهانێکی تەواو لە ڕووداو و کاریکاتێری خەیاڵی دروست بکات، خوێنەر مەودای خوێنەوەی چیرۆکی نێو رۆمانەکە لە دونیا دابېڕێت و تێکەڵی چیرۆکەکە بێت و لەگەڵیا بژێت بۆیە ئێستا لە نێو گەنجان بەتایبەتی خوێنەری رۆمان پێشەنگی هەموو کتێبەکانی دیکەیە.

لەم بارەیەوە، دکتۆر و نووسەر بەهنام عەتاڵڵا لە گفتوگۆیەکدا گوتی: ڕۆمان تەنها جۆرێکی کتێبی ئەدەبی نییە، بەڵکو هۆکارێکی گرنگە بۆ راکێشانی خەڵک و تێکەڵکردن و وابەستەکردنی خوێنەر بەخۆیەوە بەخۆرێک کە خوێنەر عاشقی چیرۆکەکانی نێو رۆمانەکە دەبن و هەست دەکەن بەشێکن لە ئەکتەرانی نێو رۆمانەکە بۆیە سەرەتا کە کەسێک دەیەوێت دەست بە خوێندنەوە بکات لە رۆمانەوە دەست پێدەکات پاشان دەچێتە سەر خوێندنەوەی جۆرەکانی دیکەی کتێب، رۆمان زۆر بە ئاسانی دەتوانێت پەیامی مرۆیی و کۆمەڵایەتی بگەیەنێت بە خەڵک.

زۆر گەنج وهەتا بەتەمەنەکانیش ئێستا ڕۆمان دەخوێننەوە، من هەمشە دەڵێم ئەوە بخوێننەوە کە دڵتان دەیەوێت بەس دامەبڕێن، ئەگەر ساڵی کتێبێکیش بێت یان پۆستەر و نووسراوەکانی سەر شەقام بێت دڵنیام رۆژێک نوسینێک سەرەنجت رادەکێشێت و دەتکات بە هاوڕێی کتێب، بۆیە هیوادارم گەنجەکانمان دەست بە خوێندنەوە بکەن، ئەگەر تاوەکو ئێستاش چەند کتێبێکی خوێندۆتەوە ئامانج بێت ئەمساڵ زیاتری بکەیت.



لە لایەکی دیکە، دکتۆر نەهلە کەمال ئەسعەد، مامۆستای کۆلیژی کشتوکاڵ و دارستان لە زانکۆی کەرکووک، سەبارەت بە ئەزموونی خوێندنەوەی تایبەتی خۆی گوتی: خۆم ئارەزووی خوێندنەوەی کتێبە ئاینییەکان و باوەڕنامەکان دەکەم، ئێستا چەندین جۆرو سەرچاوەی ئاسان هەیە کە خوێنەر بە ئاسانی لە کتێبە ئاینییەکان تێبگات و لە ژیانی رۆژانەدا بەکاری بهێنێت.

هەروەها وتی: لە ماوەی ڕابردودا زۆر چاوەڕوانی کتێبەکانی فەخری کریم بووم، چونکە نووسەرێکی تایبەتە، لە خوێنەر نزیکە و بە شێوەیەکی ڕاستەقینە جوان و ئازادانە بانگەشەی خەڵک دەکات بۆ ناسینی ئایننی ئیسلام و هیچ هەستێکی نەرێنی لەلای خوێنەر دروست ناکەت.

هاشم شەفیق، نوسەرێکی گەنجە توانیویێتی خوێنەر ببات بۆ گەشتێکی مەعنەوی و جوگرافی لەسەر زەوی.

ئەو دەڵێت، دەمەوێت بە جیهاندا بگەرێم و شارەزایی زیاتر بەدەست بهێنم و ببم بە نوسەرێکی دیار لە نێو خوێنەردا.

لە کۆتاییدا دەڵێم بخوێننەوە تا دەتوانن بخوێننەوە هەموو زانیارییەک لەرێگەی خوێندنەوە بەدەست دێت، خۆت دەتوانیت رێگەکەت دیاری بکەیت ئایا کەسێکی هۆشیار و تێگەشتوو دەبیت کە هەوڵی بەدەست هێنانی خەونەکانت دەدەیت یاخود گلەیی لە رۆژگار دەکەیت کە کارەکانت بەپێی پێویست بەرێوە ناچێت.

# پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب:
# کتێبی کوردی منداڵان، خێزانەکان رادەکێشێ



**لە دووەم رۆژی چالاکییەکانی 17هەمین پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب، رۆژی پێنجشەممە 2025/4/10 دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش لە هۆڵەکانی پێشانگاکە بەدیدەکرا، ئەویش زۆری خواستی باوکان و دایکان بوو بۆ کتێبی منداڵان کە بە زمانی کوردی چاپکراون.**

لە پێشانگای ئەمساڵدا، ئەم کتێبانە بوونەتە جێی سەرنج لە چەندین شوێنی ناو پێشانگاکە، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی داشکاندنی باش و جۆراوجۆری ناونیشانی کتێبە نمایشکراوەکان

لە سەردانێکی مەیدانی بۆ ناو پێشانگاکە و چالاکییەکی خێرادا ئەجێندای دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بۆ ئەدەبی منداڵان بەدی دەکرا، لە نێوان حەز و ئارەزوو و گرنگی دانی خێزانە کوردەکان کە بەدوای کتێبی پەروەردەیی و دڵخۆشی بەزمانی کوردی دەگەڕان، دوور لە کاریگەری شاشە و تابلێتە زیرەکەکان، کە بوونەتە مایەی فشاری دەروونی بۆ دایک و باوک و منداڵان، بە تایبەتیش کە رۆژانە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەرقاڵ دەبن پێیانەوە.

هەروەها ئەوە بەدی دەکرا چەندین قوتابی قۆناغی سەرەتایی سەردانی پێشانگاکەیان کردووە.

### کتێبی کوردی منداڵان.. جێگرەوەیەکی هێمنانە

میهرنۆش ئەسەدی، نوێنەری دەزگای چاپ و پەخشی کلاریس رایگەیاند:

خواست لەسەر کتێبی منداڵان لە پێشانگاکەدا بۆ ئەمساڵ باشە، دایکان و باوکان هەستیان کردووە بە گرنگی دوورخستنەوەی منداڵەکانیان لە تەلەڤزیۆن و پەیوەندی کردن بە کتێبەوە.

هەروەها گووتی: ئێمە کتێبی پەروەردەیی و یاری فیکری پێشکەس بە منداڵان دەکەین کە هاندەری بیرکردنەوە و پەرەپێدانی خەیاڵن، لە هەمان کاتدا تەمەن لە رووی دیزاین و ناوەڕۆک و زمانەوە لەبەر چاو دەگرین، نرخە پاڵپشتییەکان و داشکاندنەکان یارمەتیدەرن بۆ راکێشانی سەردانیکەران.

چاپکراوە نوێیەکان بە زمانێک نزیک لە منداڵ نووسراون

لەلای خۆیەوە، سەنگەر زراری لە دەزگای چاپ و پەخشی فام رایگەیاند:

دەزگاکەیان بۆ ئەمساڵ گرنگی داوە بە چاپکردنی زنجیرە چیرۆکی کورت بۆ منداڵان بە زمانی کوردی ئاسان، کە بەشێوەیەکی سەرنج راکێش و وێنەی جوان پێشکەشکراوە.

هەروەها گووتی: ئامانجمان منداڵی کوردە لە لە منداڵییەوە پەیوەست بێ بە زمان و کلتوورەکەیەوە، هەروەها خۆیان نزیک بکەنەوە لە کتێب وەکو هاوڕێیەکی رۆژانە، نەک تەنها ئامرازێکی پەروەردەیی ووشک.

منداڵ پێویستی بە ناوەڕۆکێکە ڕەنگدانەوەی ژینگەکەی بێت

بابان ئەنوەر لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئایدیا جەختی لەوەکردەوە کە یەکێک لە تەحەداکانی هەرەبەرچاو لە ئەدەبیاتی منداڵانی کوردیدا کەمی ناوەڕۆکە، رەنگدانەوەی ژینگەی ناوخۆیی و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کوردە، دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە هەستیان کردەوە بە درککردن بە پەرەسەندنی ئارەزووی خێزانەکان بۆ پەروەردەکردنی منداڵان، ئەمەش وایکردەوە بەرهەمی بەسوود تر پێشکەشبکەن.

گووتیشی: کار لەسەر بەرهەمهێنانی کتێب دەکەین کە منداڵان فێری چەمکەکانی ژیانی رۆژانە بکات، وەکو کاری هەرەوەزی و رێزگرتن و ناسنامەی رۆشنبیری، لە رێگەی کەسایەتییە نزیکەکانیەوە، بە زمانێک لێی تێبگا و کارێکی لەگەڵدا بکات وجەخت لەسەر گرنگی پشتیوانی دامەزراوەیی بۆ پێشخستنی ئەدەبیاتی منداڵان دەکاتەوە، هەر لەو چوارچێوەیەشدا، یاران ئەنوەر بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و پەخشی مەم و زین روونی کردەوە کە بەشێک لە کتێبەکانی پێشانگاکە لە چیرۆکەکانی کلتووری کوردی وەرگێڕاون بەشێوازێکی سەردەمییانە و سەرنج راکێش و بۆ منداڵان ئاسان کراون.

ئاماژەی بەوەش کرد کلتوورەکە دەوڵەمەندە بە حیکەمەت و پێگەی پەروەردەیی، ئێمەش هەوڵدەدەین بیگوازینەوە بۆ نەوەی نوێ بە زمانی خۆیان و بەشێوەیەک کە لەگەڵ هۆشیارییان بگونجێت، ئەم جۆرە کتێبە هەم لەلایەن دایک و باوک و هەم منداڵانەوە پەسەندە.

### رەنگ و دیزاین.. هاندانی منداڵ بۆ خوێندنەوە

لەلای خۆیەوە، هەڵۆ فەریق لە دەزگای چاپ هو بڵاوکردنەوەی بەفەڕ رایگەیاند، کە دیزاینی کتێبی منداڵان رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە راکێشانی منداڵان بۆ خوێندنەوە، روونی کردەوە کە دەزگاکەیان وێنەکێشی تایبەتی دامەزراندووە بۆ دابینکردنی بینراوەی کارلێکار کە منداڵان سەرقاڵ دەکات و وای لێ دەکات ئارەزووی تەواوکردنی خوێندنەوە چیرۆکەکە بکات.

ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەوان گرنگی بە کوالێتی چاپ و گرافیک و شێوازی دەربڕین دەدەن، چونکە لەم قۆناغەدا کتێب دەبێت رکابەری شاشە بکات لە رووی سەرنجڕکێشانەوە، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دەتوانرێ کاتێک کارەکە بە هۆشیاری و لەلایەن تیمێکی تایبەتمەندەوە ئەنجام بدرێت.

ئەم دیاردە چالاکە لە رۆژی دووەمی پێشانگاکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەدەبیاتی منداڵانی کورد چیتر لایەنێکی پەراوێزی پیشەسازی چاپ و بڵاوکردنەوە نییە، بەڵکو بوارێکی ئومێد بەخشە، جێی بایەخی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، دایک و باوکانە بەهەمان شێوە، لەکاتێکدا پێویستی بە ئامرازی پەروەردەیی راستەقینە زیاد دەکات کە لەکات بەسەربردنێکی خێرا تێدەپەڕێت و لەیەک کاتدا عەقڵ و خەیاڵ پەروەردە دەکات.

دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە هیوادارن ئەم شەپۆلە گرنگی دانە بەدرێژایی پێشانگاکە بەردەوام بێت، هاندانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ وەرگرتنی پرۆژەی ستراتیجی بۆ پشتیوانی کرد لەبەرهەمهێنان و دابەش کردنی کتێبی منداڵانی کوردی لەقوتابخانە و ناوەندە رۆشنبیرییەکان.



# رۆژی سێیەمی پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب
# دەبێتە شوێنی مەبەست بۆ خێزانەکان



**رۆژی سێیەمی 17هەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب، کە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی هەینی 2025/4/11 کەشی پێشانگەکە گۆڕا بۆ فیستیڤاڵێکی رۆشنبیری خێزانی و سەدان خێزانی کورد جگە لە بەشداربووانی گشتیی، لە سەرتاسەری کوردستانەوە بۆ بەسەربردنی کاتێکی رۆشنبیری لە پشووی هەفتانەیان سەردانی پێشانگاکەیان کرد، ئەم سەردانە مۆرکێکی کۆمەلایەتی جوانی بەخشییە پێشانگەکە.**

لە رۆژی سێیەمدا، پێشانگەکە قەرەباڵغییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی و سەردانەکان تەنها لە کڕینی کتێبدا سنووردار نەبوو، بەڵکو بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە کۆڵانی هۆڵە ڕازاوەکانی بە بەرگی کتێبی ڕەنگاوڕەنگ و چاوپێکەوتنی کراوە لەگەڵ نووسەران و وێنەگرتن وکات بەسەربردن لە نێو کافێ بچووکەکانی پێشانگەکە.



### سەردانیکەرانی پێشانگەکە و ئەزمونێکی ناوازە

ئاسۆ گەلاڵی، لەسلێمانییەوە لەگەڵ خێزانەکەی و سێ منداڵی هاتوون بۆ پێشانگەکە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ساڵانە رۆژێکیان تەرخان کردووە بۆ سەردانی کردنی پێشانگەی کتێب لە هەولێر.

ئاماژەی بۆ ئەوەش دا، رۆژی هەینی گونجاوە، چونکە کار ناکەین، پشووە، ئارەزوومانە منداڵەکانمان کتێب ببینن، خۆیان دەست لە کاغەزەکان بدەن، نەک تەنها لە رێگەی شاشەکانەوە.

هەروەها گووتی: کەشەکە لێرە ناوازەیە، نەک تەنها لەبەر ئەوەی کتێب دەکڕین، بەڵکو لەبەر ئەوەی خەڵکی وڵات و شارە جیاوازەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم دەبینین و دەناسین، قاوە دەخۆینەوە، هەست دەکەین لە جەژنێکی رۆشنبیریداین و دەبێ چێژ لە کەشەکە وەرگرین.

شیلان حەسەن، قوتابی زانکۆیە و لەگەڵ خێزانەکەی لە قەزای ئاکرێی پارێزگای دهۆکەوە هاتوون، دەڵێت:

پێشانگەکە بووەتە نەریتێکی ساڵانە بۆ خێزانە کوردەکان، هەست دەکەم پێشانگەکە چیتر تەنها شوێنێک نییە بۆ کڕینی کتێب، بەڵکو بووەتە شوێنێکی خێزانی کراوە و فراوان کە دەتوانیت منداڵ و دایک و باوک و لاوانی تیدا بدۆزیتەوە، هەموویان بە شێوازی جیاواز و ناوازە چێژ وەردەگرن.

### شوێنی قەرەباڵغی و گرنگیدانی تایبەت بە کتێبی منداڵان

شوێنەکانی کتێبی منداڵان زۆر قەرەباڵغ بوون، دایکان و باوکان بە لێشاو دەچوون بۆ کڕینی کتێبی وکەرەستەی پەروەردەیی زانستی، هەندێ دەزگای چاپ شوێنی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ وێنە و رەنگ کردن و خوێندنەوەی چیرۆک، ئەوەش وای کرد سەرنجی منداڵان بەشێوەیەکی باش رابکێشن.

سۆران خاوەنی دەزگای چاپ و پەخشی ناوخۆییە، دەڵێت:

سەرنجماندا رۆژی هەینی قەرەباڵغترین رۆژە، خەڵک بە گرووپی خێزانی دێن، بۆیە هەوڵدەدەین بەرنامەی کات بەسەربردن بۆ منداڵان ئامادە بکەین و کتێبی گونجاو بۆ تەمەنە جیاوازەکان دابین بکەین.

### کافێی کلتووری و گۆشەی وێنە

لەناو پێشانگەکەدا کافێ کلتوورییەکان وەک شوینی کۆبوونەوە بۆ زۆرێک لە خێزانەکان بوون، هەندێکیان پاش گەڕان بە نێو پێشانگەکە دا، دانیشتبوون چا یان قاوەیان لە شوینی تایبەتەکانی نێو پیشانگەکە دەخواردەوە، هەروەها شوێنی تایبەت بە وێنەگرتن هەبوو کە بە باکگڕاوندی کتێب و ڕەنگی سەرنجڕاکێش دانرابوون، بوونە وێستگەی یادگاریی خێزانەکان کە سەردانەکەیان بە وێنەی خێزانی دیکۆمینت دەکرد.


### پوختەی دیمەنەکان: پێشانگاکە وەکو ڕووداوێکی کۆمەلایەتی و کلتووری تەواو

چیتر پێشانگەی نێودەولەتی هەلێر بۆ کتێب بۆنەیەکی رۆشنبیری نەریتی نییە، بەڵکو بووەتە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی کە کلتوور و کات بەرسەربردن تێکەڵ دەکات، کەشێکی ناوازە فەراهەم دەکات بۆ نوێکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ کتێب لە نێو کەشێکی خێزانی خۆش. بەتایبەت لە رۆژی هەینی، کە پێدەچێت پێشانگەکە دەبێتە رەنگدانەوەی روحی کۆمەلگای کلتوور دۆست و خێزانی یەکگرتوو و تامەزرۆی هەر دەرفەتێک بۆ فێربوون و خۆشی پیکەوە.








The world speaks Kurdish



